# کولتووری نەتەوایەتی
# لە جیهانی گلۆبالێزمدا

فازیل شەوڕۆ
(ئیرلاند- دوبلن)

هەرچەندە جیهانگیری «عولمة- Globalization» وەک دیاردەیەک، لە سەرەتاییترین ڕێگاکانی کۆچی مرۆڤەوە دەستی پێ کردووە، یان وەک دەڵێن بە داگیرکارییەکانی جەنگیزخان، یان گەشتکردن بە ڕێگای ئاوریشمدا، دواتریش بە شاڵاوی داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتەکان کە بە درێژایی مێژوو بووەتە هۆی هاوبەشکردنی بیرۆکە و تێکەڵکردنی کولتوور و مرۆڤەکان و بازرگانیکردن بەسەر ئەو خاکە داگیرکراوانەدا، بەڵام پسپۆڕانی ئەم بوارە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، وەک دەستپێکی بەرجەستەکراوی ئەو دیاردەیە دەستنیشان دەکەن، ئەمەیش لە سایەی جیهانگیریی ئابوورییەوە هاتە کایە، وەک پرۆسەیەکی مێژوویی کە بەهۆی دوو هێزی: «داهێنان و تەکنۆلۆژیا»وە دەجووڵێتەوە.

جیهانگیری ئەو دیاردە بەهێز و گشتگیرە بوو کە سنوورەکانی سڕییەوە و ئابووریی سەرتاسەری جیهانی یەک خست و خزمەتگوزاری و سەرمایە و جووڵەی خەڵک و زانیاری لە سنوورە نێودەوڵەتییەکانەوە دەرهێنا و خستییە بەردەم هەموو جیهان. (١)

لەگەڵ هەڵتۆقینی ئەم زاراوەیە، هێندیک پێیان وابوو، ئەمە سەرەتای لەگۆڕنانی کولتوورە و ئیدی جیهان دەبێتە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ و یەک کولتوور، بۆیە هەرزە ڕۆشنبیرەکان گوتیان: «کولتوور بۆ ناو دەریا.»

بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە،

«کولتوور» بووەتە خەمی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردن. کاتێک دەرکەوت کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان باشتر بوون و «کولتووری ژاپۆنی»، یان «بەڕێوەبردنی ژاپۆنی»، وەک ڕێچکەیەکی نهێنیی سەرکەوتن، بۆ ژاپۆنییەکان بانگەشەی بۆ کرا. لە ساڵی ١٩٨٢ دوو کتێب، هەریەکەیان لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆی هارڤارد و ڕاوێژکاری مەکینزی چەمکی «کولتووری کۆمپانیاکان»یان ناساند، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی هەندێک کۆمپانیای ئەمریکی زۆر باشتر لە کۆمپانیاکانی دیکە کاریان کردووە. (٢)

ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مەیدانی لە بوارە جیاوازەکانی نێوان کولتووری نەتەوەیی و کولتووری ڕێکخراوەیی - تا ئێستاش ئەم لێکۆڵینەوانە بەردەوامن.

**چەمکی کولتوور The Concept of Culture:**

کولتوور، بە مانایەکی بەرجەستە، بوونی نییە، چونکە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤە و ئەو دەمە بەرجەستە دەبێ کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی دیاردەکان لە جیهانی واقیعدا. لە ڕەچەڵەکدا وشەکە سێ مانا لە خۆ دەگرێ:

**یەک:** «چاندن — واتا کشتوکاڵی خاک».

**دوو:** «شارستانیەت- وەک شێوەیەکی مێتافۆری وشەکە بۆ ڕاهێنان، یان پاڵاوتنی عەقڵ».

**سێ:** «بەرنامەسازیی بە کۆمەڵی عەقڵ کە ئەندامانی گرووپێک، یان پۆلێک لە مرۆڤەکان لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە»، واتە مانا مێتافۆرییەکەی فراوانتر بووە و بووەتە باو، کە لە ئەنترۆپۆلۆژیاوە سەرچاوەی گرتووە: شێوازە بەکۆمەڵەکانی نواندن و بیرکردنەوە و هەستکردن. (٣)

**کولتووری نەتەوەیی National Culture:**

وەک لە مانایەکەیڕا دیارە، کولتووری نەتەوەیی، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو، وەک یەک پۆل، یان دەستە و دائیرە، کە قامتێک خەسڵەتی تایبەتمەند بەیەکەوەیان کۆدەکاتەوە، وەک زمان، خوێن، مێژوو، دابونەریت، ڕۆشنبیری... تاد. لە پاڵ کولتووری نەتەوەییدا، کولتووری ناوچەیی، کولتووری پیشەیی، کولتووری جێندەری، کولتووری ڕۆشنبیری...تاد، کەم تا زۆر، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا حزووریان هەیە.

هەرچی کولتووری ڕێکخراوەییە Organizational Cultures - کە زادە و بەرهەمی سیستمی سەرمایەدارییە، لەسەر بنەمای نەتەوایەتی هەڵنەچنراوە و بنیاد نەنراوە، بەڵکوو وابەستەی ڕیزبەندێک لە یاسا و بەند و مەرج و سنووری کارکردنی کۆمەڵێک خەڵکن لە نێو بازنەیەکی دیاریکراودا، بە مەبەستی خزمەتکردن لە بوارێکی دیاریکراودا، ئەمە ئیمڕۆ پێی دەگوتری «سەندیکا»، ئەوجا هەر ڕێکخراوێک یاسا و ڕێسا و سروشت و مەرامی تایبەت بەخۆی هەیە، بە پێچەوانەی کولتووری نەتەوایەتی، بەشداربوون لەوان بە سیستمی ئەندام بوون دەبێ.

کولتووری نەتەوەیی و کولتووری ڕێکخراوەیی دوو دیاردەی تەواو جیاوازن: کولتوورە نەتەوەییەکان سەر بە ئەنترۆپۆلۆژییە، کولتوورە ڕێکخراوەییەکان سەر بە کۆمەڵناسین. بەڕێوەبردن هەرگیز ناتوانێت کولتوورێکی نەتەوەیی بگۆڕێت، تەنیا دەتوانێت لێی تێ بگات و بەکاری بهێنێت. دەتوانێت کولتوورێکی ڕێکخراوەیی دروست بکات و هەندێک جاریش بیگۆڕێت. چەمکی کولتووری لە ئاستی تاکدا ناگۆڕێت، چونکە تاکەکان کەسایەتییان هەیە، ئەوان تەنیا بەشێکی کاریگەریی ئەو کولتوورەیان لەسەرە کە تێیدا گەورە بوون. (٤)

## بنەماكانی كولتووری نەتەوەیی Principles of National Culture:

لەو ساتەوەختەی مرۆڤ لەدایک دەبێ، ئەندامیەتیی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی سروشتی پێ دەبەخشرێت. وەک لە پێناسەکەیدا ئاماژەمان پێ دا کە «کولتوور» بەرهەمی خەیاڵی ئێمەیە. «بنیادێک نییە ڕاستەوخۆ دەستمان بگاتێ و بتوانین چاودێری بکەین، بەڵکوو لە لێدوانە زارەکییەکان و ڕەفتار و کرداری ڕۆژانەی ئێمەدا بەرجەستە دەبێت، کەواتە کولتوور خڕ ڕەفتارە زارەکی و نازارەکییەکانی مرۆڤە، لە چوارچێوەیەکی دەستنیشان کراوی سنووردار کراودا. (٥)

کولتوور وەک بەرنامەسازیی بە کۆمەڵی عەقڵ، بە چەندان شێوە خۆی دەردەخات. لەو زاراوە زۆرانەی کە بۆ وەسفکردنی بنەماكانی کولتوور بەکاردەهێنرێن، ئەم چوار زاراوەیەی خوارەوە پێکەوە کۆی چەمکەکە، تاڕادەیەک ڕێکوپێک، دەگرێتەوە:

بەهاکان، ڕێوڕەسمەکان، پاڵەوانەکان، هێماکان.

ئەمانە، دەتوانرێت وەک توێکڵی پیازێک خەیاڵ بکرێت، ناوەڕۆکەکەی ئەو پیازە بەهاکانە، ئەوجا ڕێوڕەسمەکان، پاشان پاڵەوانەکان، هێماکان کە نیشانە هەرە ڕووکەشەکەی بنەماكانە، چینی دەرەوەیە.

(بڕوانە هێڵکاری ١).

«بەهاکان» لە یەکەم شتەکانن، کە منداڵان فێری دەبن- نەک بە ئاگاداری و بە ئاگایی، بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەبەر ئەوەی زۆر زوو لە ژیانماندا بەدەستمان هێناون، زۆر لە بەهاکان بە نائاگایی دەمێننەوە بۆ ئەوانەی کە هەڵیان دەگرن، بۆیە بە دەگمەن




**هێڵکاری (١)، بنەماكانی كولتووری نەتەوەیی**

دەتوانرێت باسیان لێوە بکرێت، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسانی دەرەوە چاودێری بکرێن. تەنیا لە شێوازی مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا دەتوانرێت دەربکەوێت، ئەمەش شێوازی وەڵامدانەوەی پرسیارنامەکان دەگرێتەوە، هەرچەندە نابێت وەڵامەکانیان هەمیشە بە شێوەیەکی ڕستەیی وەربگیرێت. لێکدانەوەی وەڵامی پرسیارنامەکان ئەرکێکی سەرەکی توێژەرانی نێوان کولتوورەکانە، کە لەم سەردەمەدا چەندان ئامرازی ئامارییان لەبەردەستدایە بۆ یارمەتیدانیان.

«ڕێوڕەسمەکان (Rituals)» چالاکیی بە کۆمەڵن، لە ڕووی تەکنیکییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان ئەدا دەکرێن، ئەمەیش لە چوارچێوەی کولتوورێکدا کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندکراوە و بە کردەیەکی جەوهەری ژیان دادەنرێت: شێوازەکانی سڵاوکردن و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە، ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان نموونەن. کۆبوونەوە بازرگانی و سیاسییەکان کە بە هۆکاری بەڕواڵەت عەقڵانی ڕێک خراون، زۆرجار بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە ئامانجی ڕێوڕەسمی دەکەن، وەک ڕێگەدان بە سەرکردەکان بۆ ئەوەی خۆیان دووپات بکەنەوە.

«پاڵەوانەکان» ئەو کەسانەن، زیندوو، یان مردوو، ڕاستەقینە، یان خەیاڵی، کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکن کە لە کولتوورێکدا بەهایەکی زۆریان پێ دەدرێت و بەم جۆرە وەک مۆدێلێک بۆ ڕەفتارکردن کاردەکەن. زۆرجار دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکان دەبنە پاڵەوانی کولتووری. لەم سەردەمی تەلەڤزیۆنەدا، دەرکەوتنی دەرەکی لە هەڵبژاردنی پاڵەوانەکاندا، لە پێشوو گرنگتر بووە. میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیمڕۆ لە ئەفراندنی پاڵەواندا ڕۆڵیان هەیە.

هەرچی «هێماکان»ن بریتین لە وشە، ئاماژە، وێنە، یان شت کە هەڵگری مانای تایبەتن، تەنیا لەلایەن ئەو کەسانەی کە هاوبەشی کولتوورەکەن بەو شێوەیە دەناسرێنەوە. وشەکانی ناو زمانێک، یان زاراوەیەک سەر بەم پۆلەن، هەروەها جلوبەرگ، ئارایشت، شایی و سەما و هەڵپەڕکێ، ئاڵا و هێما نەتەوایەتییەکان دەگرێتەوە. ئەم هێمایانە بێئاگایانە لەلایەن تاکەکانەوە کۆپی دەکرێن و پەیڕەو دەکرێن، ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، وەک چۆن زمان دەگۆڕێ، هێمای نوێ بە ئاسانی گەشە دەکات و کۆنەکان ڕادەماڵێ.

هێما و پاڵەوان و ڕێوڕەسمەکان پێکەوە دەتوانرێت بە «پراکتیز» ناوببرێت. بەم شێوەیە بۆ چاودێرێکی دەرەوە دیارن؛ بەڵام مەرج نییە مانای کولتوورییان دیار بێت و لە شێوازی لێکدانەوەی ئەم پراکتیزانە، کەسەکان دەتوانن دەلالەت و واتاکانی ڕاڤە بکەن. نموونە: شایی چەپە، یان یەکلەنجە، بۆ خۆیان هیچ مانایەک نادەن، لێ دەکرێ ئێمە ڕاڤە و شیکارییان بۆ بکەین.

ناوەکی کولتوور لە بەهاکانەوە پێک دێت. بەهاکان هەستێکی بەهێزن کە هەمیشە لەبەر چاون و هەمیشە لە شێوەی دژبەیەکدا دەردەکەون، وەک خراپە بەرانبەر بە چاکە، نائاسایی بەرانبەر بە ئاسایی، ناشیرین بەرانبەر بە جوان، مەترسیدار بەرانبەر بە سەلامەت، بێ ئەخلاقی بەرانبەر بە ئەخلاقی، ناشایستە بەرانبەر بە شایستە، ناسروشتی بەرانبەر بە سروشتی، پیس بەرانبەر بە پاک، نالۆژیکی بەرانبەر لۆژیکی، ناعەقڵانی بەرانبەر عەقڵانی.

لەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی لە مەڵبەندە زانستییە پسپۆڕەکاندا ئەنجام دراون، سەلمێنراوە کە «کولتوورە نەتەوەییەکان» بە پلەی یەکەم لە بەهاکانیاندا جیاوازن، کولتوورە ڕێکخراوەییەکان لە پراکتیکەکانیاندا، کاریگەریی قووڵیان لەسەر بەڕێوەبردنی کولتوور هەیە. «کولتوورە نەتەوەییەکان» ڕەگوڕیشەیان لە بەهاکاندایە کە لە منداڵییەوە بەدەستیان هێناوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە و لێکۆڵینەوەکانیان سەر بە ئەنترۆپۆلۆژیایە بەهۆی کاریگەرییەکانی دەرەوە، بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن و پەیڕەوی لە لۆژیکی خۆیان دەکەن؛ ناتوانرێت بەپێی پلانی کەس بگۆڕرێن، نە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و نە لەلایەن سەرکردەکانی ئایینی و نە لەلایەن ساماندارەکانی بازرگانی. بەڕێوەبەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێ وەک ئەو ماددەیەی کە هەیە، کاریان پێ بکەن، بیانبینن.

بەڵام لە ڕوانگەی کولتووری ڕێکخراوەییەوە، هەموو کولتوورێکی نەتەوەیی خاڵی بەهێز و لاوازەکانی خۆی هەیە و پێویستە ئەمانە لەبەرچاو بگیرێن کاتێک بەڕێوەبردن بە ستراتیژیی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ئەم خاڵە لە سەردەمی گلۆباڵیزمدا بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە بازرگانی و پیشە و چالاکیی ئابووری و داراییدا.

لەلایەکی دیکەوە، کولتوورە ڕێکخراوەییەکان کە ڕەگیان لە پراکتیکەکاندا هەیە و دەتوانرێت بە درێژایی ژیانی مرۆڤەکان فێرە شتی نوێ بن،

لــە بنەڕەتــدا دەگۆڕێــن و لێکۆڵینەوەکانیــان ســەر بـە کۆمەڵناسـی ڕێـک خـراوە. ئـەوان، بـەزۆری بـە ئاگایی، لەلایـەن دامەزرێنەران و ئەندامانی سـەرەتایی ڕێکخراوەکانـەوە دروسـت کـراون؛ گەشەسـەندنیان لـە ژێـر کاریگـەری بەڕێوەبـەران و ئەندامانـی دیکـەی گرنـگ بـوو؛ دەتوانرێـت بگۆڕرێـن و چاودێری بکرێـن، کات و پـارە و سـەرنجی بەڕێوەبەرایەتـی پێویسـتیان پـێ بدرێـت.

هەندێـک لـە نووسـەران، ئامـاژە بـە کولتــووره نیشـتمانییەکانی «بەڕێوەبردن» و «سەرکردایەتی» دەکـەن، بـەڵام لـە کولتـووره نەتەوەییەکانـدا هەمـوو بوارەکانـی ژیـان و کۆمەڵگـە پێوەندییـان بـە یەکتـرەوە هەیـە: خێـزان، قوتابخانـە، کار، سـرووتی ئایینـی، هەڵسـوکەوتی ئابـووری، تەندروسـتی، تـاوان، سـزا، هونـەر، زانسـت، ئـەدەب، بەڕێوەبـەری و سـەرکردایەتی، کەواتـە بەڕێوەبردنـی نەتەوەیـی، یـان کولتـووری سـەرکردایەتی، جیـاواز نییـە – بەڕێوەبردن و سـەرکردایەتی تەنیا دەتوانرێـت وەک بەشـێک لـە کولتوورێکـی نەتەوەیـی گەورەتـر تـێ بگەیـن و بەڕێوەبـەرە نێودەوڵەتییـەکان، دەبـێ لـە کولتـووری ئـەو گەلانـە تـێ بگەن کـە ڕێکخراوەکەیان تێیـدا کاردەکـەن.

**پێگەی کولتووری نەتەوەیی لە خزمەتی گڵۆباڵیزمدا:**
**The Position of National Culture in the Service of Globalization:**

لـە چەنـدان پـرۆژەی توێژینـەوەی گـەورە، سـەبارەت بـە جیاوازییە کولتوورییـەکان دەرکـەوت کـە کولتـووره نەتەوەییـەکان زیاتـر لـە ئاسـتی بەهاکانـدا جیـاوازن، لـە کاتێکـدا کولتوورەکانـی ڕێکخسـتن زیاتـر لە ئاسـتی پراکتیزە ڕووکەشـەکاندا جیـاوازن: هێمـاکان، پاڵەوانـەکان و ڕێوڕەسـمەکان. کولتـووره نەتەوەییـەکان دژی تـاک و دامـەزراوە و ڕێکخـراوە هاوشـێوەکانن لـە سەرانسـەری وڵاتانـدا، ئەمـە یارمەتـی دارشـتنی نەخشـەی کولتـووره ڕێکخراوییـەکان دەدات، تـا بتوانـن بـە جوانتریـن شـێوە، لـە نێـو کولتـووری نەتەوەیەکـدا کاری خۆیـان سـەرکەوتووانە جێبەجـێ بکـەن، تەنانـەت خوێندنـەوەی کولتـووری نەتەوەیـی پێویسـتە، کاتێـک ڕیکلامێکـی بازرگانـی بـۆ ئـەو نەتەوەیـە ئامـادە دەکـرێ، ئەمـە دەرهاویشـتەی دیـاردەی گڵۆباڵیزمـە، کـە پێشـتر بوونـی نەبـووە.

چۆن؟

بێگومـان کولتـووره ڕێکخراوەییـەکان سـێبەری ئـەو داوودەزگایانـەن کـە پێیـان دەگوتـرێ (کۆمپانیـا)، ئەوانـە دژایەتـی و ڕکابەریـی ڕێکخـراوە جیاوازەکانـی نـاو هەمـان وڵات دەکـەن، ئەوجـا بـۆ ئـەوەی لـەو ڕکابـەری و کێبەرکێیـەدا سـەرکەوتوو بـن، باشـترە لـە کولتـووری نەتـەوەی ئـەو وڵاتـە شـارەزابن. (٦)

ئێستا بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢:

هێڵـکاری ٢، نیشـانی دەدات کـە کـەی و کام لـە بەرنامـە دەروونییەکانمـان بەدەسـت هێنـراوە. ئێمـەی مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی ناتـەواو و بەرنامـە بـۆ دارێـژراو لـە دایـک دەبیـن؛ لـە مـاوەی دە سـاڵی یەکەمـی ژیانمانـدا، خاوەنـی تواناییەکـی سەرسـوڕهێنەرین بـۆ وەرگرتنی بەرنامـە دەروونییە ئاڵـۆز و بـڵاو و ناڕاسـتەوخۆکان. نموونەیـەک




**هێڵکاری (٢)، بەرنامەی دەروونکاری**

فێربوونی زمانی دووەمە: کاتێک کەسێک بە زمانێکی دیکە قسە دەکات بە هاسانی شارەزای زار و بن زارەکەی ئەو زمانە نابێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە منداڵیدا فێری زمانی دایکی بووە بە زانینی زار و بنزارەکەیەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی تەمەنی باڵقبووندا، شێوازەکانی فێربوونمان رووونتر و تۆکمەتر دەبن؛ هێشتا دەتوانین زمانە بیانییەکان فێربین، بەڵام تاڕادەیەک کێشەی زار و بنزارمان دەبێ.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، بەرنامەسازیی سەرەتاییمان زۆربەی بەها سەرەتاییەکانمان لەخۆدەگرێت. ئێمە ئەم بەرنامە دەروونییانە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزان و گەڕەک و خوێندنی سەرەتاییەوە بەدەست دەهێنین. ستوونی دەستی ڕاستی هێڵکاری ٢، نیشانی دەدات کە ئێمە کام ئاستی کولتوور بەدەست دەهێنین و لە کام قۆناغدا. ئێمە کوڕ، یان کچ، لەناو نەتەوەیەکدا لەدایک بووین، بۆیە ڕەگەز و نەتەوەیی زۆرترین چارەنووسسازە بۆ بەها سەرەتاییەکانمان. ماوەی خوێندن زیاتر پردی باڵغبوونە؛ جۆری ئەو قوتابخانەیەی کە خوێندکاران تێیدا دەخوێنن، پێوەندی بە چینە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە هەیە، کاریگەریی لەسەر پیشەی داهاتوویان هەیە. پەروەردەی قوتابخانەکەمان، هەم بەها و هەم پراکتیک تێکەڵ دەکات. کولتوورەکانی ڕێکخراوەکانی کار لە ڕێگەی کۆمەڵایەتی کردنەوە، لە شوێنی کاردا بەدەست دەهێنرێن، کە زۆربەی خەڵک وەک گەورەساڵان دەچنە ناوەوە - واتە بەها بنەڕەتییەکانیان بە جێگیری لە شوێنی خۆیانن. دەتوانرێت کولتووری بازرگانی (وەک کولتووری بانکی، یان گەشتیاری) لە شوێنێکدا لە نێوان ئاستی پیشە و ڕێکخراودا جێگەی بۆ بکرێتەوە.

کەواتە جیاوازییەکانی کولتووری نەتەوەیی ڕەگیان لە بەهاکاندایە، کە پێش تەمەنی دە ساڵی فێری بوون؛ منداڵان لە دایک و باوکێکەوە فێری دەبن کە پێش تەمەنی دە ساڵان بەدەستیان هێناوە، بۆیە تەواو جێگیرن و چەندان نەوەیان دەوێت تا بگۆڕرێن.

کولتوورە ڕێکخراوەییەکان ڕەگیان لە پراکتیکەکاندا هەیە کە لە شوێنی کاردا فێردەبن و دەتوانن زۆر خێراتر بگۆڕرێن. کاریگەرییەکانیان بۆ بەڕێوەبردن تەواو جیاوازە. (٧)

### بەراوردکردنی کولتوورە نەتەوەییەکان Comparing National Cultures:

نوێترین وەشانی مۆدێلی هۆفستێد* بۆ بەراوردکردنی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان لە شەش ڕەهەندی سەربەخۆ پێک دێت، کە ڕەگوڕیشەی لە جیاوازیی نێوان بەها کولتوورییە نەتەوەییەکاندایە. (٨)

ڕەهەندەکان بەم شێوەیە ناونراون:

**یەک:** مەودای دەسەڵات (گەورە بەرانبەر بە بچووک)، بۆ کێشەی بنەڕەتی نایەکسانی مرۆڤ، پێوەندی بە چارەسەرەکانەوە هەیە.

**دوو:** خۆپاراستن لە نادڵنیایی (بەهێز بەرانبەر بە لاواز)، پێوەندی بە ئاستی گوشاری دەروونی کۆمەڵگەیەکەوە هەیە لە بەرانبەر ئایندەیەکی نادیاردا.

**سێ:** تاکگەرایی بەرانبەر بە کۆمەڵگەرایی، کە لە گرووپە سەرەتاییەکاندا پێوەندی بە تێکەڵبوونی تاکەکانەوە هەیە.

**چوار:** پیاوسالاری بەرانبەر مێینەیی، پێوەندی بە دابەشکردنی ڕۆڵی سۆزداری لە نێوان ژن و پیاودا هەیە.

**پێنج:** ئاراستەکردنی درێژخایەن بەرانبەر بە کورتخایەن، پێوەندیی بە هەڵبژاردنی ئامانجەکانەوە هەیە بۆ هەوڵەکانی خەڵک: داهاتوو، یان ئێستا

و ڕابوردوو.

**شەش:** خۆبەخشی بەرانبەر بە خۆویستی، پێوەندی بە ڕادەی تێرکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤەوە هەیە بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان.

جگە لەمانەی سەرەوە، چەندان ڕەهەندی دیکەش هەن کە بۆ ئەنجامدانی بەراوردی کولتوورە نەتەواییەتییەکان پەیڕەوکراون وەک:

* مەودای دەسەڵات پەیوەست بە: نایەکسانی داهات، ڕێزگرتن لە گەورەکان، جەمسەرگیری و توندوتیژی لە سیاسەتی نیشتمانیدا.

* دوورکەوتنەوە لە نادڵنیایی پەیوەست بە: ژمارەی یاسا و ڕێساکان، باوەڕبوون بە پسپۆڕان، بێگانەپەرستی، بێیاسایی لە شۆفێری.

* تاکگەرایی پەیوەست بە: سامانی نیشتمانی، لاوازبوونی پێوەندی خێزانی، زۆر بەکارهێنانی وشەی «من».

* پیاوسالاری پەیوەست بە: گوشار لەسەر گەشەکردن، بە پێچەوانەی گرنگیدان بە لاوازەکان و ژینگە و بە شێوەیەکی نەرێنی لەگەڵ ڕێژەی سەدی ژنانی هەڵبژێرراو لە پەرلەمان و حکوومەتەکاندا.

* ئاراستەکردنی درێژخایەن پەیوەست بە: ڕێژەی پاشەکەوتکردن، گەشەی ئابووری وڵاتانی هەژار و گونجاندن لەگەڵ واقیعی گۆڕاو، بە پێچەوانەی ئاراستەکردنی کورتخایەن کە پێوەندی بە: (خەمی پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان، شانازیی نیشتمانی)ـەوە هەیە.

* خۆبەخشی پەیوەست بە: بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، وەرزشی چالاکتر، قەڵەوی زیاتر، ئینتەرنێتی تایبەتتر، هێزی پۆلیسی کەمتر.

* ئەم ڕەهەندانەی ئاستی کۆمەڵایەتی، لە ئەدەبدا لە ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر لە دیسیپلین و بوارە جیاوازەکانەوە بەکارهێنراون، وەک:

* دەروونناسیی نێوان کولتوورەکان.

* پێکهاتەی زمان، مەعریفە، زیرەکی.

* بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی و هەمەچەشنی.

* بازرگانی نێودەوڵەتی، بەدەستهێنان، هاوپەیمانی.

* بە بازاڕکردنی نێودەوڵەتی، ڕیکلام، هەڵسوکەوتی بەکاربەر.

* سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی.

* یاسای نێودەوڵەتی، دادپەروەری ڕێکارەکان، زیندانیکردن، بیمە.

* تەلارسازی، پلاندانانی شار/ وڵات، دیزاینی ئۆفیس، دیزاینی پیشەسازی.

* تەندروستی، دەرمان، دەروونی، چاودێری.

* ئەخلاق، ئایین، ڕۆحانیەت، سێکس.

**ئەنجام:**

خوێنەری بەڕێز، لەم بابەتەدا مەبەستمان بوو ڕۆڵ و کاریگەریی کولتووری نەتەوەیی بە بەراورد لەگەڵ کولتووری ڕێکخراوەیی نیشان بدەین، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەی کە شەپۆلی ئەو جیهانگیرییە گەردوونییە، هیچ کونوقوژبنێک نەماوە داگیری نەکردبێ، پتر هەموو بوارەکان بەرەو بە پیشەسازیکردن و بووژانەوەی ئابووری و ئابووریسازییەوە خەریکن. کۆمەڵگەی کوردەواریش، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، لەو گۆڕانکارییانە بێبەش نییە.

لەم بابەتەدا، دەرکەوت کە پرۆژەی کولتووری نیشتمانی لەوەوە دەست پێ دەکات کە هەوڵی کۆکردنەوەی داتای دەروونی تاکەکەسی بدات، ئەمەش بە هیممەتی پسپۆڕانی ئەنترۆپۆلۆژیا دەکرێت، لێرەشەوە پێوەندییەکانی نێوان بوارەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکرێن، ئەوجا ئەم جۆرە پرۆژەیە دەکرێ بکرێتە بەردی

بناغەی کۆمەڵناسی ڕێکخراوە بۆ بنیادنانی کولتووری ڕێکخراوەی سەرکەوتوو.

ئەمەی سەرەوە، بەشێک بوو لە « کولتووری نەتەوایەتی لە جیهانی گلۆبالیزمدا» و چەند بەشێکی دیکەی ماوە، پەیوەست بە کولتووری نەتەوایەتی و جیهانگیریی ئەدەب و هونەر — بە هەموو ڕشتەکانیانەوە، کە زۆرن.

خودا یار بێ، لە بەشەکانی دیکەدا، درێژە بەو تەوەرە بایەخدارە دەدەین.

**سەرچاوەکان:**


1- https://www.investopedia.com/when-did-globalization-start.asp.

2- Deal, T. E. and A. A. Kennedy. 1982. Corporate Cultures: The Rites and Rituals of Corporate Life. Reading, MA: Addison-Wesley.

3- Hofstede, Geert, G. J. Hosfstede and M. Minkov. 2010. Cultures and Organizations: Software of the Mind. New York: McGraw-Hill.

4- Hofstede, Geert. 1980. Cultures Consequences: International Differences in Work- Related Values. London: Sage.

5- Levitin, T. 1973. “Values.” In Measures of Social Psychological Attitudes, edited by J. P. Robinson and P. R. Shaver. Ann Arbor, MI: Survey Research Center, Institute for Social Research, University of Michigan.

6- See Reference No. iv.

7- See reference No. iv.


* مەبەست لە مۆدێلی هۆفستید، ئەو مۆدێلە ڕاپرسییەیە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کراون، بە وەرگرتنەوەی وەڵامی نزیکەی (سەد هەزار پرسیارنامە لە چل وڵاتدا). لەم ڕاپرسییانەدا، دەتوانرێت جیاوازییەکانی نێوان کولتوورەکانی وڵات بخوێنرێتەوە. ئەم ڕاپرسییە بایەخی خۆی لە ئەدەبیاتی ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسیدا هەیە، کە زۆر باس دەکرێن.

8- see reference No. iii